# چۆن رێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناشناڵ هاتە پاڵ کەیسی دادگاییکردنی نزار خەزرەجی؟




**هیوا ناسیح**

**دوای ئەوەی لەم پێشەوە کەناڵی العرب چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ گەورەتاوانباری شاڵاوەکانی ئەنفال و سوپاسالاری پێشووی رژێمی سەددام دا کرد، قسەوباسێکی زۆر لەسەر ناوبراو بەدوای خۆیدا هێنا، خەزرەجی سەرۆك ئەرکانی سوپای عێراق لە (1987 - 1991) لە نوێترین دیمانەی تەلەفزیۆنیدا دەڵێت:**

**لە قۆناغی یەکەمو دووەمو سێیەمی ئەنفال بەشداربووم... بڕیاری ئەنفالمان دا لە دەرەنجامی هاوکاری کورد بە دیاریکراوی گروپەکەی تاڵەبانیو ئێرانی دوژمن.. ئەنفال پرۆسەیەك بوو بۆ لێدان لە یاخیبوانو چەکدارانی کورد.. بڕیارماندا سەری چەکدارە تێکدەرەکان پانکەینەوەو... هتد.**

**خەزرەجی لە مانگی کانوونی یەکەمی 1984ەوە تا مانگی حوزەیرانی 1987 فەرماندەی فەیلەق بووە، لە ناوچەیەکی فراوانی باشووری کوردستان، لە 1987تا 1990 سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق بووە. لە 1987 فەرماندەی فەیلەق بووە، دوای داگیرکردنی کوێت لە**

ساڵی 1990 کراوە بەراوێژکاری عەسکەری سەدام حسینی سەرۆکی عێراق. ئەم فەرماندە تاوانبار و پلە باڵایەی سوپای عێراق رۆڵی کاریگەر و دیاری هەبووە لە سەرپەرشتیکردنی کوشتن و بڕینی خەڵکی راپەڕیوی باشووری عێراقیش، دەیان بڕیاری بۆ کۆمەڵکوژی ئەنفالەکان و ژەهربارانی هەڵەبجە و ناوچەکانی تری کوردستان دەرکردووە.

دوای داگیرکردنی کوێت لە ساڵی 1990 کرا بەراوێژکاری عەسکەری سەدام حسینی سەرۆکی عێراق. ساڵی 1996 دوای ناکۆکی لەگەڵ سەدامدا نزار خەزرەجی لە عێراق هەڵهات و لە 14- 03- 1996 گەیشتە ئاکرێ، لەلایەن دەسەڵاتدارانی کوردەوە پێشوازی لێکراو دوای دوورۆژ گەیاندیانە زاخۆ و لەوێوە ناردیان بۆ تورکیا، لە 21- 03- 1996 گەیشتە عومان. دواتر رووی کردە ئیسپانیا، شەش مانگ لەوێ مایەوە، لە 1998 گەڕایەوە ئوردن، لە 03-07- 1999 گەیشتە دانیمارک، لەوێ بە قسەی وەزیری دادی ئەو وڵاتە بێت، هەر دوای دوو رۆژ دوای گەیشتنی ناوبراو زانیاریان لەسەر ڕابردووی وەرگرتوە و چاودێریان کردوە، دواتر ئەوە بوو میدیای دانیمارکی بە بوونی ئەویان زانی و لەسەریان نووسی، دوای ئەوە داواکاری گشتی لێکۆڵینەوەی لێکرد و دواتر لە ئۆکتۆبەری 2001 دا دەوری ماڵەکەی گیرا و کەیسەکە خرایە ژێر لێکۆڵینەوە. ئەو لەماڵی خۆیدا دەسبەسەر بوو بۆی نەبوو وڵات جێ بهێڵێت. دواتر (گروپی خستنە گەڕی هەوڵەکان بۆ دادگاییکردنی خەزرەجی) لە لایەن چەند کوردێکی چالاکوانەوە لە دانیمارک دامەزرا و دەستی بە چالاکی و کارەکانی کرد. یەک لە ئەندامانی گروپەکەش کە کاک شاخەوان شۆڕش بوو وتارێکی بە زمانی دانیمارکی لە رۆژنامەی پۆلیتیکن لەسەر خەزرەجی و تاوانەکانی بلاوکردەوە.

فەرمانگەی پەنابەران داوای مافی پەنابەرابیەکەی رەفز دەکەن، بەڵام مافی مانەوەیان بۆ کاتێکی نادیار پێدا، بە هۆی ئەوەی لە رێگەی میدیاکانی وڵاتەکەوە ناوی دەزرێ و دەناسرێ. ئیتر کەڵکی ئەوەی نامێنێت وڵاتەکە پەنای بدەن. وەک دەڵێن دواتر لە شاری سۆرو (Soro) لە باشوری کۆپنهاگن لە دەستبەسەرییدا دەژیا لە خانویەکدا و دوو پۆلیس هەمیشە بە ئۆتۆمبیلەوە پاسەوانی و چاودێریان دەکرد. ئیتر ئێمەی چالاکوانان لە وڵاتانی تری ئەوروپیش کەوتینە خۆ و هەریەک لە رێگەی خۆیەوە دەستمانکرد بە کار و چالاکی تا ناوبراو دادگایی بکرێت، چونکە ناوبراو پاش سکاڵالێکردنی دەسگیرنەکرا و تەنها خرایە ژێر چاودێریەوە لە ماڵەکەی خۆیدا (اقامة جبری). ئەمەش گومانێکی بۆ هەمووان دروستکردبوو، کە رەنگە دادگایی نەکرێت و ئازاد بکرێت، یان هەڵبێت. خۆ دوای ئەوەش کە بە هاندانی ئەمریکا و گوایا بۆ هاوکارییکردن لە ڕوخانی سەددام و رژێمەکەی پێویستیان پێیەتی حزبە کوردییەکانی باشور پاکانەیان بۆ کرد. ئەو لایەنە کوردییانە لە پاکانەکانیاندا کە بەفەرمی بۆ حکومەت و وەزارەتی دادی دانیمارکیان نارد، بەم جۆرە باسی نزار خەزرەجی یان کرد بوو.

* فوئاد مەعسوم ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی و بەرپرسی مەڵبەندی دەرەوەی یەکێتی لە لەندەن: خەزرەجی بەشداری لە ئەنفالدا نەکردووە و کەسایەتیەکی سەربازیی نیشتیمانیە.

دڵشاد میرانی ئەندامی سەرکردایەتی پارتی و بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی: خەزرەجی کەسایەتیەکی سیاسیی ناسراوە لە عێراق.

ئیحسان عەبدولعەزیز بەرپرسی پەیوەندییەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی: بەڕێز خەزرەجی کەسایەتیەکی نیشتیمانی بەڕێزە و لە ئەنفال و کیمیاباران بێتاوانە.

بە پێی وتارێکی رۆژنامەی (GANG VERDENS) ی نەرویجی رۆژی دووشەممە 19ی نۆڤەمبەری 2001 کە لە لایەن (Holst Forde) ەوە نوسراوە بە ناونیشانی (جەلادەکەی سەددام لە دانیمارک لە ئاسایشدا دەژی) دەڵێت: خەزرەجی نکۆڵی لەوە ناکات کە ئەم بە شێوەیەکی فەرمی و وەک لێپرسراوێک بەم کارە هەستا بێت، بەڵام سورە لەسەر ئەوەی، کە خودی سەددام حوسێن لە دوای بڕیاری کۆمەڵکوژییەکەوە وەستابوو. هەروەها لە چاوپێکەوتنێکیشیدا لەگەڵ گۆڤاری (DerSpiegel)ی ئەڵمانیدا دەڵێت: ئەوە بە بڕیاری من نەکراوە، ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش گەیشتبوە بڕیارێک و سەدام خۆی و ئامۆزاکەی (عەلی حەسەن مەجید) سەرۆکایەتی شاڵاوەکەیان دەکرد، من بەڵگەم بۆ ئەمە هەیە).

من زیاتر لە ساڵێک بوو ئەندامی ئەمنستی ئینتەرناشناڵ (لێبوردنی نێودەوڵەتی) لە لقی ئەو شارەی تێیدا دەژیام سەتگالن بووم. شایەنی باشە ئەم شارە ناوەندی کانتۆنێکە هەر بەو ناوەوە و یەکێکە لە شارە گەورەکان لە رۆژهەڵاتی سویسرا. مانگانە لقی سەتگالنی ئەمنستی کۆبوونەوەمان دەکرد، لە هەر کۆبونەوەیەکدا 10 تا 15 ئەندام ئامادە دەبوون، دیارە ئێمە سەر بە لقی سەرەکی ئەمنستی بووین لە پایتەختی سویسرا بێرن.

وەک ئەرکێکی سەرشانم ئەوەم بەبیردا هات کە کارێک بکەم ئەمنستی شارەکەم و دواتر هی سویسرا و ئینجا بنکەی سەرەکیان لە لەندەن بێنمە سەر ئەو بڕوایەی کە پشتگیری کەیسی دادگایی کردنەکە بکەن. ئیتر ئاوا وەک لێرە بەڵگەنامەکان دەبینن، کە لە ئەرشیفی کەسیی خۆمدا پاراستومن دەستبەکاربووم.

بەندە لە دوو کۆبوونەوەی دوابەدوای یەکدا قسەم لەسەر ناوبراو کرد، شایەنی باسە هێشتا دوو ساڵێک بوو لەو وڵاتە بووم. ئەڵمانییەکەم باش نەبوو، ئینگلیزیەکەشم ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئەوەندە باش نییە، کە بێ کێشە قسەی پێ بکەم، بەڵام هەوڵم دا بە هەردوو زمانەکە و جاربەجار وشەکانی زمانەکانم تێکەل دەکرد، گرنگ ئەوەبوو تێیان

بگەیەنم، چونکە ئەوان جگە لە کوردێکی باکور، کە کرمانجی باش دەزانی، ئەوانی تر سەرجەم سویسریی بوون، یەکدوانێکیشیان بیانی بوون.

یەکەم کۆبوونەوەکە کە لە 30- 10- 2001 سازکرا لە کۆنوسەکەدا بە ئەڵمانی ئاوا هاتوە:

عێراق – کوردستان

هیوا لە بارەی یەک لە بەرزترین جەنەراڵەکانی سوپای سەددام حوسێنەوە دوا، کە چالاکانە بەشداریی لە جینۆسایدکردنی کوردەکاندا کردوە، ئەم داوای مافی پەنابەریی کردوە لە دانیمارک، کە بەم هۆیەوە داواکەی رەفزکراوەتەوە. پاش سکاڵاکردنی کوردەکان ئێستا ئەو لەوێ لەسەر بەشدارییکردنی لە تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرێت. هیوا پێشنیاز دەکات، کە ئێمە بە نامەیەک پشتیوانی سکاڵا بۆ سزادانی بکەین. ویلی (یەک لە ئەندامە ئامادەبووەکانی کۆبونەوەکە بوو- هـ. ن.) لە ئینتەرنێتدا بەدواداچوون بۆ بابەتەکە دەکات.

لە کۆبونەوەی دووەمیشدا کە لە 20- 11- 2002 واتە پاش سێ هەفتە، جارێکی تر باسی بابەتەکەم کردەوە، بە پشتیوانی هەندێک بەڵگە کەلەگەڵ خۆم هێنابووم وەک وێنە و کتێبی ئینگلیزی جینۆساید لەعێراق و هێرشەکانی ئەنفال بۆ سەر کورد Genocide in Iraq The Anfal campaings against kurds کە رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ Human Rights Watch ساڵی 1993 چاپی کردبوو.. پێشتریش دووبەدوو لەگەڵ رێتۆ مۆریتسی سەرۆکی لقەکە قسەم کرد بوو، ناوبراو کەسێکی تێگەیشتوو وە خەڵکی هەمان شارۆچکە بوو کە من لێی دادەنیشتم لە نزیکی ستگالن بە ناوی ئەبتڤیل. لەو کۆبوونەوەیەدا بە زۆرینەی دەنگ بڕیاردرا، کە گەر لقی سەرەکی پێرن لاری نەبێت، ئەوا داواکارییەکەی هیوا جێبەجێ بکرێت.

لە کۆنوسی کۆبوونەوەکەشدا لە نێو ئەو کارانەی پێویستە ئەنجام بدرێن، خاڵی 1.2 ئاوا هاتوە: هیوا و رێتۆ نامەیەک بۆ حکومەتی دانیمارک لەسەر بابەتی لێکۆڵینەوە لە جەناڵەکەی پێشووی عێراق ئەلخەزرەجی دەنوس.

ئیتر ئیمە دەستبەکاربووین پاش هەفتەیەک نامەکە ئامادەکرا و ناردمان، کە ئەمە دەقی کوردییەکەیەتی:

رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەوتی
28ی نۆڤەمبەری 2001

بەرێز سەرۆکوەزیران

ئێمە ئەندامانی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی – لقی سەتگالن لە سویسرە، خۆشحاڵ دەبین، کە پشتیوانی لە بڕیارەکەتان بکەین لە لێکۆڵینەوەکەتاندا لە سەر کەیسی

ژەنەراڵی پێشوی عێراق نزاز خەزرەجی.

ئەم سەرکردەیە لە هەڵمەتی ئەنفالەکانی ساڵی 1988/1987 لێپرسراوی ژینۆساید بووە. خەزرەجی سوپاسالار سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق بووە، یەکێکە لەو کەسانەی کە کلیلی گەیشتن بە ڕاستییەکانە لەسەر کوشتنی زیاتر لە 182.000 کوردی مەدەنی لەو وڵاتەدا. ئەو کۆپییەی ڕۆژنامەی هاوڵاتی نۆڤەمبەری 2001 لەگەڵ نامەکەدایە، ڕوونی دەکاتەوە، کە ئەم کۆنە ئەفسەرە نەک هەر تەنها نەخشەی قەتڵوعامی کێشاوە، بگرە ڕاستەوخۆ دەستی لە کیمیابارانکردنی شارە کوردییەکانیشدا هەبووە، ئەمەش وەک لە کتێبی Genocide in Iraq: The Anfal Campaigs against the Kurds, (july 1993) کە ڕاپۆرتی ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤە، تیایدا هاتوە.

بەناوی مافی مرۆڤ و پشتیوانیانی کوردی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتییەوە سوپاسی بەڕێزتان و دادی دانیمارکی دەکەین، کە ئێوە ئەم مەسەلەیە بگەیەننە دادگا.

لەگەڵ سڵاوماندا

ڕێتۆ مۆریتسی
ڕێکخەری لێبوردنی نێودەوڵەتی لە ستگالن – سویسرا

- کۆپییەک بۆ: لێبوردنی نێودەوڵەتی بێرن / سویسرا

..................................................................

نامەکە هاوپێچ کرا لەگەڵ ئەو بەشەی کتێبی ئینگلیزی (جینۆساید لەعێراق و هێرشەکانی ئەنفال بۆ سەر کورد) هەروەها کۆپی لاپەڕەیەکی ڕۆژنامەی هاوڵاتی ئەو مانگە (کانونی دووەمی 2001) کە نامەکەی تێدا نوسرا، کە ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلە بوو لەسەر بەشداریکردنی خەزرەجی لە ئەنفالەکاندا، نامەکەمان بە فاکس و هاوکات بە نامەی پۆستیش بۆ سەرۆکایەتی حکومەتی دانیمارک نارد. ئاگاداریان کردینەوە کە بەدەستیان گەیشتوە و بە هێندی وەردەگرن.

شایەنی باسە هەواڵی نامەکە دەنگدانەوەیەکی باشی بوو، چونکە یەکەمجار بوو ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی و بێلایەنی وەک ئەمنستی بچێتە پاڵ کەیسەکە و ناوی 182 هەزار ئەنفالکراو بهێنێت و ناوی نزار وەک تۆمەتبار بهێنێت. هەواڵەکە کاتی خۆی لە لاپەڕەی یەکەمی ژمارە 52ی ڕێکەوتی 10- 12- 2001 ی ڕۆژنامەی هاوڵاتیدا بە مانشێت چاپکرا و

دەقی نامەکەش لە ئەو ژمارەیەی هاوڵاتی و هەروەها رۆژنامەی ئاڵای ئازادی ژمارە 444ی رێکەوتی 10- 12- 2001 وە هاوکات لە سایتە کوردیەکانیشدا بڵاوکرایەوە.

دیارە من هەر بەمەوە نەوەستام هاوکات لەگەڵ ئەم کارەدا هەوڵمان دا کە لقی سویسرا بەگشتی و دواتریش لقی سەرەکی رێکخراوەکە لە لەندەن بێنمە پشت کەیسەکەوە، دوای دوو هەفتە کریستینا هێلەر رێکخەری گشتی لقی سویسرای رێکخراوە وڵامی داینەوە، کە ئەو پشتگیری کارەکەمان دەکات و پێویست ناکات نامەی تر بە ناوی لقی سویسراوە بنێرین، بەڵام بەڵێنیدا نامەکەمان هاوپێچ بەو بەڵگەنامانەوە بۆ بارەگای سەرەکی لەندەن بنێرێت، کە داوامان کردبوو ئەوانیش پشتگیری کەیسەکە بکەن. ئەوە بوو دواتر لە رێگەی کریستیناوە وڵامی بنکەی سەرەکی لەندەنمان بۆ نێردرایەوە، کە بە گشتی دژی کارەکەمان نەبوون، بەڵام کەیسەکەیان تەبەنی نەکرد و گوتیان، کە لقی دانیمارکی رێکخراوەکەمان دەکرێت بێتە پاڵ ئەو کارە، چونکە ئەو کەسانەی گەورەتاوانەکانیان ئەنجامداوە و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دانپێدانراوە، دەبێت وڵاتەکە سکاڵای لێبکات، هەروەها ئەو وڵاتەی سکاڵای لا کراوە بەرپرسە بەرامبەر بەو کەیسە و لامان وایە حکومەتی دانیمارک بە ئەرکی خۆی هەڵدەستێت.

شایەنی باسە لە کتێبی (رەشەبای ژەهر و ئەنفال) نوسەر عەبدوڵا کەریم مەحمود، بەرگی دووەم، لاپەرە 119 تا 121 لە ژێر ناوی: خەزرەجی بەرەو رووی دادگای لاهای دەکرێت، باسی ئەم نامەیەی ئاوا کردوە (رێکخراوی لێبووردنی نێو دەوڵەتی لقی سەنگالن لە سویسرا نامەیەکی ئاراستەی سەرۆک وەزیرانی سویسرا کردووە، پشتیوانی خۆی لە بارەی لێکۆڵینەوەی نزار خەزرەجی خستوەتە روو.) بەداخەوە نوسەر هیچ ئەرک و ماندوبوونی ئێمەی لەبەرچاو نەگرتوە و ناوی نەهێناوم، تەنها ئەو دوو دێرەی نوسیوە!! جگە لەوەی هەڵەیەکی زەقیشی تێدا کردوە، چونکە نامەکە ئاراستەی سەرۆکوەزیرانی دانیمارک کراوە نەک سویسرا، حکومەتی سویسرا سەرۆک وەزیرانی هەر نییە.

بە داخەوە ئەم هەوڵە و هەموو کار و کۆشش و ماندووبوونمان لەم کەیسەدا بە فیڕۆ چوو، چونکە خەزرەجی تاوانبار لە مانگی سێی 2003 دا بزربوو. کەیسی گرتنی درایە ئەنتەرپۆل. ئەوکات رفێنرا و شاردرایەوە، بێئەوەی بهێنرێتە پێش دادگا ڕفێنرا بۆ ئیمارات و تا ئێستاش دادگایی نەکرا و لەوێ بە ئازادانە دەژی!

بەڵگەنامەکانی هاوپێچ:

- نامەکەی ئەمنستی کۆپی ئۆرجیناڵەکەی بە ئینگلیزی
- نامەی سەرۆکی لقی سویسرای ئەمنستی بۆ رێتۆ مۆریتسی رێکخەری لقی سەنگالن و وڵامی بنکەی سەرەکی رێخکراوەکە لە لەندەن بۆ ئێمە.
- کۆنوسی دوو کۆبونەوەکە، ئەو شوێنانەی باسی بابەتە کراوە دیاریکراوە.

- کۆپی لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەی هاوڵاتی کە هەواڵەکەی تێدا بڵاوکرایەوە لەگەڵ کۆپی هەواڵەکەی ئاڵای ئازادی.
- لینکی چاوپێکەوتنی خەزرەجی، کە دانی پێدادەنێت بەشدار و سەرپەرشتیاری ڕاستەوخۆی ئەنفال بووە.

https://www.youtube.com/watch?v=BDoi_aj-JSY

**Amnesty International**

Reto Moritzi, Kamorstr. 6, 9030 Abtwil, Switzerland
071/3112257/e-mail: reto.moritzi@bluemail.ch

November 28th, 2001

Dear Mr Prime Minister

We're members of the local Amnesty International group from St - Gall in Switzerland and we'd like to support your decision to investigate into the case of the former

**Iraqi general Nizar Al-Khazraji**

the commander responsible for the genocide during the Anfal Campaign in the years 1987 / 88. Al - Khazraji was the chief of the General - Staff of the Iraqi army and is one of the key person to reveal the facts about the killing of more than 180'000 Kurdish civilians in the country. The enclosed copies of „Hawlati" (November 2001) make clear that the former general was not only planing the massacre but he also was directly involved in the gassing of the Kurdish towns. This is backed by the „Human Rights Watch/Middle East Watch" report titled „Genocide in Iraq: the Anfal Campaigns against the Kurds" (July 1993).

In the name of the human rights and the Kurdish supporters of Amnesty International we thank you and the Danish justice that you bring this case to court.

Sincerely yours

Reto Moritzi
AI Coordinator St. Gallen Switzerland

Copy to: Amnesty International, Berne/Switzerland

دەقی نامەکەی ئەمنستی - گروپی ستگالن بۆ حکومەتی دانیمارکی لە سەر
خەزرەجی تاوانبار، ساڵی 2001

هەوڵدان لەگەڵ مەڵبەندی سەرەکی ئەمنستی ئینتەرناشناڵ لە لەندەن بۆ نوسینی نامە بۆ حکومەتی دانیمارکی سەبارەت بە دادگایی کردنی نزار خەزرەجی تاوانبار - 2001

**Ordner » Posteingang » WG: iraqi general Nizar Al Khazraji reto.moritzi@bluemail.ch**

Posteingang | Neue Nachricht | Ordner | Suchen | Adressbuch | Einstellungen | Andere Mail-Accounts | Hilfe | Blue

Antworten  Allen antworten  Weiterleiten  Kopfzeilen  Drucker-Anzeige

**Von:** Christine Heller <cheller@amnesty.ch> « Im Adressbuch eintragen »
**An:** "'reto.moritzi@bluemail.ch'" <reto.moritzi@bluemail.ch>
**Cc:**
**Betreff:** WG: iraqi general Nizar Al Khazraji
**Gesendet:** Thu, 13 Dec 2001 13:03:40 +0100

Lieber Reto

Nachfolgend findest du die antwort des IS betreffend General Nizar Al Khazraji. Wie du dem schreiben entnehmen kannst, interveniert das IS nicht in diesem fall, gerne könnt ihr aber die dänische sektion anfragen, was sie unternommen haben, hier die adresse: amnesty@amnesty.dk

Ich hoffe, euch damit die gewünschte auskunft gegeben zu haben und verbleibe mit lieben grüssen

christine

Christine Heller
Koordinatorin Länderarbeit
Amnesty International
Swiss Section
phone: ++41 31 307 22 22
http://www.amnesty.ch
cheller@amnesty.ch

-----Ursprüngliche Nachricht-----
**Von:** kchibane@amnesty.org [mailto:kchibane@amnesty.org]
**Gesendet:** Mittwoch, 12. Dezember 2001 18:17
**An:** Christine Heller
**Cc:** sboumedo@amnesty.org; DinaEl-Mamoun@amnesty.org
**Betreff:** Re: iraqi general Nizar Al Khazraji

Dear Christine,

Thank you for your e-mail. You may need to contact the Danish section to see whether they have issued anything or whether that have approached the Danish government. As far as the IS is concerned at the moment we have not been involved in this case. At this stage our position is that whenever there are allegations that someone may have been involved in human rights violations, war crimes and crimes against humanity, it is the responsibility of the authorities of the country where the person is, to launch an immediate investigation. I believe this is what the Danish authorities are doing.

I hope I have answered your query !
Best wishes
Khaled

**Christine Heller <cheller@amnesty.ch>**

To: "'kchibane@amnesty.org'" <kchibane@amnesty.org>
cc:

کۆنوسی کۆبونەوەی ئەمنستی ئینتەرناشناڵ/گروپی سنگالن بەرواری30 ئۆکتۆبەری2001

# Protokoll der AI-Sitzung vom 30.10.2001

Anwesend: Madeleine, Linda, Manuel, Sarah, Hiwa, Sait, Elisabeth, Youliy, Angelika, Hanni, Willy, Sibyl, Giuma und Waltraud

Entschuldigt: Reto, Jorge, Ronagh

Kinderrechtstag
Sait und Linda wollen in Schulklassen das Thema Kinder und Menschenrechte bekanntmachen. Sait bestellt noch Material dazu.

Kamerun
Jorge möchte nochmals eine „Jeans- und T-Shirtaktion“ für die Insassen eines Gefängnisses in Kamerun durchführen. Bitte bringt die Kleider bis 10.11.01 an seine Adresse: Lämmlisbrunnenstrasse 4, 9004 St. Gallen

Irak-Kurdistan
Hiwa erzählt von einem der höchsten Kommandanten aus der Armee Saddam Husseins, welcher sich aktiv am Genozid an den Kurden beteiligt hatte. Dieser suchte Asyl in Dänemark, was ihm jedoch verweigert wurde. Durch kurdische Intervention wurde nun in Dänemark eine Strafuntersuchung wegen Verbrechen gegen die Menschlichkeit eingeleitet. Hiwa regte an, dass wir mittels Brief den Strafantrag unterstützen. Willy wird im Internet die Sache verfolgen.

Türkei
Waltraud erzählt von der Planung einer „kurdischen Woche“ vom 7.-14.12.01 im Katharinen-Festsaal SG (Flugblättli liegt bei). Am 8.12.01 wird Osman Baydemir, Präsident des türkischen Menschenrechtsvereins Diyarbakir, im Katharinensaal einen Vortrag zum Tag der Menschenrechte halten. Amnesty SG wird mit Informationen präsent sein und den Abend einleiten.

Afghanistan / USA
Jeden Samstag um 14 Uhr gibt es eine Mahnwache gegen Krieg und Terror auf dem Markplatz am Bohl.

کۆنوسی کۆبونەوەی ئەمنستی ئینتەرناشناڵ/گروپی سنگالن بەرواری20 نۆڤەمبەری2001

**Protokoll**
**20. November, 1930 - 2130 h**

**Anwesende**: Elisabeth, Sait, Hanni, Willi, Ronagh, Robert, Eliane, Manuel, Sarah Schär (Klusstr.10, 9000 St. Gallen), Hiwa (Linsenbühlstr.16, 9000 St. Gallen), Reto **(Protokoll)**
**Entschuldigt**: Waltraud, Afra, Madeleine, Angelika, Jorge

**1. Gefangenenarbeit**

1.1. Peru: Efrain ist nach 8 jähriger Haft frei. Verschiedene Dankesbriefe erreichten uns. - Petitionen gehen an die jap. Regierung betr. Auslieferung des ex-Präsidenten Fujimori.

1.2. Weitere Petitionen zur Kampagne "Eine Welt ohne Folter" werden unterschrieben.- Die kurdische Kulturwoche findet vom 7.-14.12. statt, Referat des Vorsitzenden des MR-Vereins am 8.12./20 h im Katharinensaal, St. Gallen. - Hiwa und Reto schreiben an die dänische Regierung betr. Untersuchung gegen den irakischen ex-General Al-Khazraji.

1.3. Eine allfällige weitere Kleidersammlung wird im nächsten Jahr organisiert (Koordination Jorge!)

**2. Stand in der Neugasse (beim Brunnen) vom 8.12.2001**
Einrichten/1000 - 1100 h: Hanni, Willi, Sybil und Hiwa; 1100 - 1200 h: Hanni, Willi, Manuel, Hiwa; 1200 - 1300 h: Angelika, Linda, Manuel; 1300 - 1400 h: Sarah, Linda, Ronagh; 1400 - 1500 h: Afra, Ronagh; 1500 - 1600 h: Sybil, Afra, Ronagh. - **Herzlichen Dank für die Mithilfe!**

**3. Kasse**
Nach Abzug der Zahlungen an die Türkei/Waltraud und Kamerun/Inge von je Fr. 1500.- bleiben

# هاوڵاتی

Hawlati — A Private Weekly Issued by Ranj Print-Shop — Hawlati

Tel: 2132912 (Sul) / 2228271 (Hawler) www.hawlati.com

No.(52) Monday Dec. 10th 2001 — هەفتەنامەیەکی ئەهلییە چاپخانەی رەنج دەریدەکات — ژمارە (٥٢) دوو شەممە ٢٠٠١/١٢/١٠



لەم ژمارەیەدا:

* کاتێک زانکۆ دەبێتە .. رامیار و رێبین — ل٢
* کێشەکانی پەیمانگای هونەرەجوانەکان — ل٢
* تەوانێکی دی و روونکردنەوەیەکی تر.. عەبدوڵڵا پەشێو — ل٥
* بانەوانێک لەکافەز.. د. ئەحمەدی مەلا — ل٥
* ئاشتی نێوان کوردو کورد.. بۆنا.. د. هەژار مەعروف — ل٥
* ئایا دەشێ لەدوژمنەکانمان خۆشبین.. فاروق رەفیق — ل٦


## دەربارەی کێشەی جند الاسلام

# یەکێتی لەگەڵ م.کرێکاردا کۆدەبێتەوە

پ. هاوڵاتی: بەپێی ئەو زانیاریانەی لەبەردەستدان لەم ماوەیەی رابردوودا دووجار بەرپرسانی مەڵبەندی شارەزووری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەگەڵ م.کرێکار ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامیدا کە ئێستا لێپرسراوی گروپێکی چەکداری بزووتنەوەیە کۆدەبنەوە. بەپێی ئەو دەنگوباسانەی بڵاوە لەم دوو کۆبوونەوەیەدا م.کرێکار ئاماژەی بۆ ئەو هەوڵانە کردووە کە بەمەبەستی یەکگرتنەوەی گروپەکەی لەگەڵ (جند الاسلام)دا خستویەتیە گەڕ، هەروەها مەسەلەی شەڕەکانی ئەو ناوچەیەی نێوان هێزە عەلمانییەکانو جند الاسلامو مەسەلەی ئەمنیەتی ناوچەکەو گەڕانەوەی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم بۆ دەفەری بیارەو تەوێڵە تەوەرێکی تری ئەو کۆبوونەوانە بوون.

جێگەی ئاماژە بۆ کردنە کۆبوونەوەی یەکەم لەمانگی تشرینی دووەمدا بووەو کۆبوونەوەی دووەمیش لەهەفتەی رابردوودا بووە. شایەنی باسە هەرچەندە ئەم کۆبوونەوەو دیدارانە لەنێوان هەردوولادا سازکراوە، بەڵام تا ئێستا لەلایەن هەریەک لەیەکێتیو گروپی م.کرێکارەوە هیچ زانیارییەک لەم بارەیەوە راگەیەنراوە.. پێدەچێت یەکێتی لەلای خۆیەوە چاوەڕوانی پێکهێنانی ئەو حیزبە ئیسلامییە نوێیە (أنصار الاسلام في كوردستان)و ئەیڕوانی سیاسیو هەڵسوکەوتەکانی ئەوان لەناوچەکەدا بکاتو دواتر بڕیار لەسەر چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا بدات.

### جند الاسلام دەبێتە

## رێکخراوی (أنصار الاسلام في كوردستان)

پ.هاوڵاتی: لەدوا قۆناغی ئەو گفتوگۆیانەدا کە لەنێوان گروپی جند الاسلامو باڵی م.کرێکاردا لەچەند هەفتەی رابردوودا ئەنجامدرا بوون، ئێستا هەردوولا لەسەر ئەوە رێککەوتوون کە دەیانەوێت بەیەک رێکخراوی ئیسلامیو پێدەچێت بەزووترین کات لەچەند رۆژی داهاتوودا یەکگرتنی هەردوو گروپەکەو دامەزراندنی رێکخراوێکی نوێ رابگەیەنرێت. بەپێی ئەو دەنگوباسانەی کە بڵاوە هەرچەندە هەردوو گروپەکە هەفتەی رابردوو ئاماژەیان بۆ ئەوە دەکرد کە رێکخراوە نوێکە ناوی (بزووتنەوەی جیهادی ئیسلامی) دەبێت بەڵام پێدەچێت لەم چەند رۆژەی دواییدا هەردوولایان لەسەر ئەوە رێککەوتبن کە ناوی (أنصار الاسلام في كوردستان) لە رێکخراوە نوێکە ...

### ئەمنستی ئینتەرناسیۆنالی سویسرا

# پشتگیری لەدادگایی کردنی خەزرەجی دەکات

• ئەورووپا تایمز بەهاوڵاتی: هەوڵو تەقەلای کوردەکانی دەرەوەی وڵات لەپێناوی لێکۆڵینەوەو دادگاییکردنی (نزار ئەلخەزرەجی)دا گەیشتە قۆناغێکی نوێ کە ئەویش داواکردنە لەرێکخراوە جیهانییەکان بۆ پشتیوانیکردن لەم مافەی گەلی کورد. لەم بوارەدا رۆژی ٢٨ی نۆڤەمبەر، لقی (سەنگاڵی) رێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی (ئەمنستی ئینتەرناسیۆناڵ) لە سویسرا، نامەیەکی ئاراستەی سەرۆک وەزیرانی دانمارک کردووەو تێیدا پشتیوانی خۆی بۆ بڕیاری لێپرسینەوە لەم جەنەراڵە رادەگەیەنێو ئاماژە دەکات بۆ تاوانەکانی خەزرەجی لەئەنفالەکاندا. شایانی باسە رێکخراوی ناوبراو لەگەڵ نامەکەی خۆیدا کۆپییەکی رۆژنامەی (هاوڵاتی) ئەو ژمارەیەی کە وێنەی خەزرەجی تێیدا بڵاوکراوەتەوەی بۆ سەرۆک وەزیرانی دانمارک ناردووە.

کاک هیوا شافع کە ئەندامی رێکخراوەکەیە لەسویسراو لەم بوارەدا ...

هەڵدا وێنەو بابەتەکانم لەهاوڵاتیدا خوێندەوە، هەوڵێکی زۆرم لەگەڵ رێکخراوەکەدا دا، چەندین جار لەگەڵ لێپرسراوانیشدا دانیشتم کردو بابەتەکەم بۆ باسکردن. ئەوانیش هاتنە ئەو باوەڕەی کە دەبێ پشتگیری لەم داوا رەوایەی گەلی کورد بکەن، بەتایبەت کە خۆشیان ئاگاداری باشیان لەسەر کێشەی میللەتەکەمانو بەتایبەت ئەنفالو جینۆساید هەیە.

ئەم هەنگاوە بەسەرەتای قۆناغێکی نوێ دادەنرێت لەپرۆسەی دادگاییکردنی خەزرەجیدا. هیوادارین ئەو کوردانەی لەرێکخراوە مرۆڤدۆستو جیهانییەکاندا ئەندامن بتوانن کاربکەنە سەر رێکخراوەکانیان بۆ پشتگیری لەداوای دادگاییکردنی سەرانی رژێمو بکوژانی هەزاران رۆڵەی گەلەکەمان.

هەر سەبارەت بە تاوانەکانی خەزرەجی لە لاپەڕە (٢)دا رپۆرتاژێک لەگەڵ هاوڵاتیانی گوندی عەسکەرو گۆپتەپەدا بخوێنەرەوە.



خەزرەجی و سەدام وحسین کامیل نەخشە بۆ لێدانی هەڵەبجە دەکێشن

گۆڤاری (الف باء) ژمارە ١٠٣٧ ساڵی ١٩٨٨

لەگەڵ ئەم رێکخراوە کاردەکەمو لەهەموو چالاکییە مرۆییەکانیدا بەشداربووم، کە ئەم کێشەیەش سەری ...

رۆڵێکی چالاکی بینیوە، لەبەیوەندییەکدا بەیووستەگی دەرەوەی هاوڵاتییەوە وتی: "ماوەی دوو ساڵە من ...

---

# ئاڵای ئازادی

ALAY AZADI

سەربەخۆیی — یەکگرتنەوە — سۆسیالیزم

رۆژنامەیەکی سیاسیی هەفتانەیە حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان دەری دەکات

Freedom Banner Weekly Newspaper Issued By Kurdistan Toilers Party

ژمارە (٤٤٤) دووشەممە ٢٠٠١/١٢/١٠ ، ١٩ ی سەرماوەز ٢٧٠١ی کوردی

---

# ریکخراوی لیبوردنی نیودەولەتی پشتگیری دادگاییکردنی خەزرەجی دەکات

ئەندامانی ریکخراوی لیبوردنی نیودەولەتی- لقی سەنگالن لەسویسرا، لەنامەیەکدا بۆسەرۆک وەزیرانی سویسرا پشتیوانی خۆیان، سەبارەت بەلێکۆڵینەوە لەسەر مەسەلەی نەزار خەزرەجی راگەیاند.

جێی دەبیهێنانەوەیە جەنەرالی ناوبراو لەساوی کردنی ئەنفالەکاندا لەساڵی ١٩٨٧-١٩٨٨ سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق بووەو یەکێک بووە لەو کەسانەی کەراستەوخۆ دەستی لە بێ سەرو شوێن کردنی ١٨٢ هەزار کوردی مەدەنی لەو وڵاتەدا هەبووە.

ریکخراوی ناوبراو بەناوی مافی مرۆڤەوە سوپاس و پیزانینی خۆی بۆ دادگای دانمارک دەربڕی و بەمەبەستی یەکلاییکردنەوەی ئەم کێشەیە.

